# کەرکوك لە هەگبەی سیاسی هێزە ئیسلامییە کوردەکانی ئەو شارەدا

راپۆرتی سۆران مامە حەمە - کەرکوك




**● تا ٨ مانگی دیکە چارەنووسی کەرکوك نادیارە**

ئێستا مەسەلەی کەرکوكو بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، خەریکە ببێتە خوانی نوێی سیاسییە عێراقییەکان، چونکە چارەنووسی شارێکی نەوتیو پڕ لە خامەی پیشەسازیو بەپیتی کشتوکاڵی، لە ماوەی ٨ مانگی داهاتوودا، بەپێی بەندی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەبێت یەکلاییبکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەروەکو ئێستای لەسەر بەغداد بمێنێتەوە یاخود بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، یان وەك بەشێك لە تورکمانەکانی ئەو شارە داوایدەکەن، بکرێت بە هەرێمێکی فیدراڵیو جیا لە ناوەندو هەرێمی کوردستان، بۆیە چاودێرە سیاسییەکان وا دەڕوانن کە کەرکوك لەم چەند مانگەدا بە رەوشێکی ترسناكو ئاڵۆزدا تێپەڕ ببێت، کوردەکانی کەرکوکیش، ڕازیی نین لە ئەدای پارتە کوردستانییەکانی ئەو شارە، بەتایبەتی "یەکێتییو پارتی"، لەوبارەیەوە عومەر سەیدە– نووسەرو رۆژنامەنووس پێی وایە: "یەکێتییو پارتی بۆ کێشەی کەرکوك تا ئێستا هەنگاوی بەرەوپاشیان ناوە"، هەروەها باس لەوە دەکات کە نەك یەکێتییو پارتی کە دەسەڵاتن، بەڵکو "حیزبە ئیسلامییەکانیش نەیانتوانیوە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن، بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر هەردوو حیزبەکە"، لێرەدا دەمانەوێت لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە بزانین هاوتەریب لەگەڵ پارتیو یەکێتییدا، رۆڵو کاریگەریی پارتە ئیسلامییە کوردییەکانی کەرکوك چییەو بوونو نەبوونی ئەوان لەو شارەدا چ جیاوازییەکی هەیە، لە کاتێکدا ئەگەر یەکێتییو پارتی لە رووی بیرکردنەوەو بەرنامەوە، عیلمانی بنو جیاواز لە نەتەوەکانی تورکمانو عەرەب بیربکەنەوە، ئەم پارتە ئیسلامییانە شتێك هەیە دەبێتە بازنەی پەیوەندییو پێکەوەژیان بۆیان، ئەویش "دینی ئیسلام"ە، لە کەرکوکیش جگە لە پارتە ئیسلامییە تورکمانییەکانیو عەرەبییە مەزهەبییەکان، تەنها بارەگاو بوونی "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان_عێراق" هەیە.

## یەکێتیی و پارتی لە کەرکوک بڕیاری یەکلایەنە دەدەن

یەکگرتووی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لەناو "لیستی برایەتی٣٦٧"دا لەگەڵ بەشێکی زۆری پارتە کوردستانییەکان، بەشدارییان کردو ٣ کورسییان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆی ٢٦ کورسی لیستەکەی بەرکەوتو کۆمەڵی ئیسلامییش بە لیستێکی جیا دابەزیو نەیتوانی هیچ کورسییەکی ئەنجومەنی ئەو شارە بەدەستبهێنێت، ئیبراهیم خەلیل- لێپرسراوی مەڵبەندی ٦ی یەکگرتووی ئیسلامیی لە کەرکوك، وای دەبینێت کە پارتەکەی ئەو "شانبەشانی حیزبە کوردستانییەکانی تر، ڕۆڵو کاریگەریی ئیجابی هەبووە" لەسەر مەسەلەی کەرکوکو ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە کاتی ماددەی ٥٨ی ئیدارەی کاتی "پۆڵ بریمەر"دا ئەو خۆی وەك ئەندامێکی یەکگرتوو بۆ ماوەی ساڵو نیوێك سەرۆکی لیژنەی ئەو ماددەیە بووە لە پارێزگای کەرکوك، ئاماژە بەوە دەدات کە هەوڵو کۆششێکی بەرچاویان پێشکەشکردووە "لە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بە مەنهەجو بەشێوەیەکی شارستانی"و باوەڕی پارتەکەی خۆی وانیشاندەدات، هەموو یاساو ماددەیەك، کاتێك جێبەجێدەکرێت کە "ڕەزامەندیی زۆرینەی لەسەر بێت، نەك کۆمەڵێك لەگەڵی بێتو کۆمەڵێك لە دژی بێت"، یەکگرتوو وەك پارتێکی ئیسلامی سیاسیی میانڕەو، لەدوای ڕاپەڕینەوە هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە، ئیبراهیم باسی لەوە کرد "پارتێکی میانڕەوین"، پێیوانیە دەتوانن "بەحیوار ئەو نەتەوانەی کە گومانێکیان هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەو تووشی حاڵەتێکی نائاساییان دەکات"، ئەوان ئەو گومانەیان بڕەوێننەوە، ئەوەش ناشارێتەوە کە کەرکوك "سیراعێکی هەرێمیو نێودەوڵەتیی لەسەرە، لەبەرئەوە هەندێك هێز لە کەرکوکدا لەوانەیە نەتوانن ڕای خۆیان بە دەستی خۆیان بێتو فەرمایشتی دەرەوەیان لەسەرە"، بۆیە لەم دۆخەدا گفتوگۆکردن قورسە، ڕەفعەت عەبدوڵلا- بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی کەرکوکی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو پارتە پێیوایە "ئەو حیزبانەش واقیعێك هێناویانییەتیە کایەوەو بوونیان هەیە، چونکە وەك نەتەوە هەموومان ئیسلامینو



ڕەفعەت عەبدوڵڵا

کۆمەڵگەش وادەخوازێت"، نەجات حەسەن- بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانیش وتی: "ئێمە قەومیەتمان بەئامانج کراوە، کێشەمان لەسەر دین نییە"، باس لەوەش دەکات کە ڕژێمەکەی سەدام کوردی لەسەر "نەتەوە" چەوساندووەتەوەو جینۆسایدکردووە نەك لەسەر "دین"، هەروەها هێمای بۆ ئەوە کرد "لە کەرکوکدا هێزو جەماوەر لای پارتیو یەکێتییەو هەر ئەم دوو حیزبە کارەکان هەڵدەسوڕێنن"و هیوا دەخوازێت پارتە ئیسلامییە کوردییەکانیش بتوانن ئەو ئەرکەی ئەوان بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی "ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانی ئێمەیە لەم شارەدا، بەر ئەوانیش بکەوتایە"، ئیبراهیم خەلیل دەڵێت: "بە شێوەیەکی چالاکتر لە کوردستان، یەکگرتوو بەشدارە" ئەوەشی وت "لە کوردستان فیفتی بە فیفتی بەشیان دەکردو هیچ بەشی یەکگرتوویان نەدەدا، بەڵام لە کەرکوك وانییە"، لە درێژەی قسەکانیدا عومەر سەیدە دەڵێت: "بوونی پارتە ئیسلامییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی کەرکوکدا، هیچ زەرورەتێك نییە، چونکە ئەوان لە کەرکوکدا ناتوانن چەکی ئایدۆلۆژیایان بخەنە خزمەتی خەڵکی شارەکەوە" بە نموونەیەك پاڵپشتی لە قسەکەی خۆی دەکاتو دەڵێت: "هاوسۆزییان لەگەڵ باوەڕدارانی نەتەوەکانی دیکە لە ئایینی ئیسلام، تەنها وەکو واقیعی حاڵی کوردستان سەرقاڵی چەندایەتیکردنن وەکو حیزبە عەلمانییەکان"، لەلایەکی ترەوە، بەرپرسەکەی یەکگرتوو دڵتەنگە لە یەکێتییو پارتی کە یەکلایەنە بڕیارەکان دەدەنو پرس بە حیزبە کوردستانییەکانی دیکە ناکەن "ئەوان دوو هێزی دەسەڵاتدارنو خۆیان ئیدارەنو زۆربەی شتەکان خۆیان دەیبەن بەڕێوەو بڕیاری لەسەر دەدەن".

## بەرنامەی حیزبەکوردستانییەکان نەتەوەیی نییە

بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیی لەکەرکوك ئاماژە بە ستراتیجی پارتی ئیسلامییە کوردییەکان دەدات کە "بەرنامەی ئەوان نەتەوەیی نییەو لەسەر بنەمای مەزهەبو ئیسلامە"، سورە لەسەر ئەوەی دەبێت لە کەرکوکدا



ئیبراهیم خەلیل

"نەتەوەییانە بیربکەینەوە"، لەبەرئەوەی لای وایە "هێشتا لە قۆناغی رزگاریی نیشتیمانیداین"، کەچی بە پێچەوانەی بەرپرسە بالاکەی یەکێتییەوە، لێپرسراوی لقی سێی پارتی دەڵێت: "وەکو بەرپرسێکی PDK هاتووم لەم شارە حیزبایەتی دەکەمو رایشیدەگەیەنم"، رەفعەت عەبدوڵڵا سەرەڕای ئەوەی بەرنامەی پارتە ئیسلامییەکانی بە "مەزهەبیو ئایینیی" ناوبرد، هێشتا دەڵێت "گرنگ ئەوەیە ئەوان تەوجیهی خوارەوە ناکەن، بڵێین با ئەو ماددەیە جێبەجێ نەبێتو لە رووی راگەیاندنیشەوە، لاوازنو قورساییەکە لەسەر شانی ئێمەیە"، نەجات حەسەن-یش هەمان تێڕوانینی هەیەو دەڵێت "ئەگەر ئەم دوو حیزبە نەبووایە، کێ ئارامیی ئەم شارەی دەپاراست؟!"، نەجات حەسەن درێژە بە وتەکانی دەدات لەبارەی ئەوەی "لە ٧٠٪ی جەماوەری کوردستان، لەژێر دروشمی ئەم حیزبەدا خەباتی خۆی دەکات"و ئەو شانازی بەوەوە دەکات کە حیزبەکەی "٤٧ هەزار ئەندامی هەیە وەك رێکخستن"، لە هەمبەر ئەوەدا بەرپرسەکەی یەکگرتوو سەبارەت بە گۆشەنیگای ئەوان بۆ کەرکوك دەڵێت "روانینێکی نەتەوەییە لە سۆنگەی دینەوە"و ئیبراهیم خەلیل ئەوە دەگێڕێتەوە، پێیان سروشتییە کە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوك بدرێتە تورکمانو عەرەب، بۆ ئەوەی تەبایيو ئاشتی بەردەوام بێت لەنێوان نەتەوەکانداو کەرکوك بگەڕێتەوە سەرکوردستان، پێیوایە "خەڵکی تر ئەم تێڕوانینەی لەلا غەریبە"، هەروەها باوەڕی وایە "لە کەرکوکدا سیراعی ئایینیو مەزهەبیی نییە، سیراعی نەتەوەیی هەیە، سیراعی نەتەوەییش لەنێوان حیزبە سیاسییەکاندا هەیە"، بۆیە دین بە چارەسەرێکی باشتر دەزانێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و گەڕانەوەی متمانەو زمانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان نەتەوەکانی ئەو شارەدا.

**بوونی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کەرکوك تەنها بە ناوە**

جگە لە یەکگرتووی ئیسلامیی، کۆمەڵی ئیسلامییش، بارەگای خۆی لە کەرکوك داناوە، ئێمە چەند جارێك بە تەلەفۆنو لە رێگای چەند برادەرێکی خۆیانەوەو بە سەردانی، ویستمان بەرپرسانی ئەو حیزبە بدوێنین، بەڵام هیچ کەسیان ئامادە نەبوون لەوبارەیەوە قسەیەك بکەن، بۆیە دەپرسین؛ ئایا کۆمەڵی ئیسلامیی تا چەند پێیوایە بوونو نەبوونی لە کەرکوك جیاوازیی دروستدەکات؟، ئایا کۆمەڵی ئیسلامیی لە ماوەی سێ ساڵو نیوی رابردوودا، چی کردووە لە خزمەتی پێکەوەژیاندا بێت لەو شارەدا؟، ئایا کۆمەڵ تا ئێستا کاریگەریی شکستی هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵی رابردووی لە کەرکوك لەسەر ماوە کە نەیتوانی هیچ کورسییەکی ئەنجومەنەکەی بەدەستبهێنێت؟، ئایا کۆمەڵ دەتوانێت چی بکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠؟، لە کۆتاییدا عومەر سەیدەی رۆژنامەنووس ئەو جیاوازییە دەخاتەڕوو کە لە فۆڕمی ئیشکردنی کۆمەڵو یەکگرتوودا بەدیدەکرێت، سەرباری جیاوازیی فیکرییان لەگەڵ یەکێتییو پارتییدا "کۆمەڵی ئیسلامییو یەکگرتووی ئیسلامیی راستە هەردووکیان پاشکۆی وشەی ئیسلامیان هەڵگرتووە، بەڵام لە لۆژیکی کاری سیاسییاندا جیاوازیی زۆریان هەیە، بەتایبەت لە کەرکوکدا، چونکە یەکگرتوو کراوەترو بەرچاوتر کار بۆ فراوانکردنی نفوزی دەسەڵاتو پلە سیاسییەکانی خۆی دەکاتو گرەوی سیاسییانە دەکات، بەڵام هاوکات کۆمەڵی ئیسلامیی لەنێوان بارەگاکانی خۆیانو لەناو ریزەکانی خۆیاندا کارەکانیان چڕدەکەنەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت؛ کە کۆمەڵی ئیسلامیی بەقەیاغێکی بێ سەوڵ لەنێو دەریایەکدا جێماون، ئەگەر ئەوان پێیانوایە دەتوانن رۆڵ ببینن لە کەرکوکدا، نەك هەر ئەوان، بەڵکو هەموو پارتەکانی دیکەی دەرەوەی پارتیو یەکێتیی، دەبێت بتوانن رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن، بەتایبەت لەو خەمساردییو گوێنەدانەی پارتیو یەکێتیی بە کێشە سەرەکییەکانی کەرکوك".



نەجات حەسەن